# خۆشەویستیو ئافرەتو جیهانی شیعری -مەدهۆش-

د.عثمان عەبدول بەرزنجی/ زانکۆی سلێمانی/ کۆلیجی زمان

(پێشەکی)

شیعری خۆشەویستی، شاعیر وەك ملوانکەیەك بە وشەو زاراوەی مرواری ئاسا دەیهۆنێتەوەو دەیکاتە بەرهەمێکی بەهێزو بەپێزو کاردانەوەی تەواوی دەبێت لەسەر هەستو سۆزی بەرامبەرو دەیهەژێنێت. هەربۆیە ئەم توێژینەوەیەش، وەك بابەتێکی زانستی تەرخانکراوە بۆ باسکردنو لێکۆڵینەوە سەبارەت بە چەمکی خۆشەویستیو ڕەنگدانەوەی لە بواری ئەدەبیاتدا، بەتایبەتیش لە بواری شیعری کوردیدا لای شاعیرێکی هەست ناسکی وەك –مەدهۆش-.

لە توێژینەوەکەدا ڕێبازی وەسفیو بەپێی پێویستیش ڕێبازی شیکاریش ڕەچاو کراوە. بابەتەکەش بەسەر دوو بەشی سەرەکیدا دابەشکراوە:

بەشی یەکەم: چەمکی خۆشەویستیو ڕاو بۆچوونی هەندێ لە شارەزایانی بێگانەو خۆماڵی بواری ئەدەب سەبارەت بە خۆشەویستی.

بەشی دووەم: ئافرەتو جیهانی شیعری –مەدهۆش-.

## بەشی یەکەم
## چەمکی خۆشەویستیو راو بۆچوونی هەندێ
## لە شارەزایانی بێگانەو خۆماڵی بواری ئەدەبی

خۆشەویستی جیهانێکی گەورەو فراوانەو بۆخۆی زانستو فەلسەفەیەو لە هیچ شتێك کەمی نییە، بەڵکو عەشقو خۆشەویستی جەوهەری زانستەو کاکڵەو ئامانجی ژیانە، هەربۆیە خۆشەویستی بەرزترینو پیرۆزترین کارێکە، کە مرۆڤ ئەنجامی دەدات، بە نەمانی ئەو بنەمایە هیچ کارو شتێکی پیرۆز نرخو بەهای نامێنێو لەدەستی دەدات، چونکە خۆشەویستی وەکو غەریزەیەك هەر لە کۆنەوە لەلای مرۆڤ دروستبووە، کە دەتوانرێ بووترێت بەهۆی کاریگەری سروشتەوە ئەو غەریزەیە لە ناخی مرۆڤدا خوڵقاوە، بەڵام مرۆڤ خۆیشی لە ئەنجامی هەڵسوکەوتو توانای خۆیەوە برەوی بەو خۆشەویستییە داوە، لەبەرئەوە "پێویستە دان بە توانای مرۆڤدا بنێین، بەوەی شتێکی جوانو قەشەنگی لە خۆشەویستی خوڵقاندووە، دیارە سروشت خۆشەویستی بەخشیوە بە مرۆڤ، بەڵام لە شێوەی کرداری فیسۆلۆجیدا، پاشان مرۆڤ خۆی گەشەی پێداوەو وێنەیەکی ئێجگار ئاڵۆزی داوەتێ، تەنانەت شارستانیەتو هونەرو بیرو هەموو شتێکی تریشمان، لە کۆتاییو ئەنجامدا بەتەنیا بەرهەمێکە لە بەرهەمەکانی خۆشەویستی"[1].

کەواتە مرۆڤ خۆی داهێنەری ئەو بوارەیەو خولیای بووەو لەگەڵیدا هاتۆتە بوون، هەروەك دکتۆر

نوری حەموودی، دەڵێت: "خۆشەویستی سۆزو هەستێکی ئینسانییە، لەگەڵ لەدایکبوونی مرۆڤدا ئەڤینیش لەگەڵیدا پەیدابووەو باشترین‌و چاکترین هۆی بەهێزکردنی پەیوەندی بووە لەناویاندا..."[٢].

دیارە خۆشەویستیش چەند لایەنێك یان چەند بوارێك دەگرێتەوە، هەر لە خۆشەویستی مرۆڤ بۆ مرۆڤەوە، هەتا خۆشەویستی مرۆڤ بۆ دەوروپشت‌و خاك‌و نەتەوە، یاخود روونتر بڵێین خۆشەویستی مرۆڤ بۆ سروشت‌و...هتد هەتا دەگاتە خۆشەویستی مرۆڤ بۆ خواوەند، واتە خۆشەویستی حەقیقی، هەروەك فەیلەسوفی یۆنانی –سوکرات– سەبارەت بە خۆشەویستی، دەڵێت: "خۆشەویستی بریتییە لە برسێتییەکی دەروونی مرۆڤ بۆ جوانی خوایی، دڵدار هەر بەوەندە وازناهێنێ، کە ئارەزووی دۆزینەوەی جوانی بکات، بەڵکو ئارەزووی ئەوەش دەکات کە جوانی –بهێنێتە بەرهەم–و تا سەریش ئەو جوانییە بمێنێتەوە بەهۆی فرێدانی تۆوی زیندوویێتی تا سەر بۆ ناو لەشی لەناوچوو. جا ئەمە تا ڕازی خۆشەویستی هەردوو رەگەزەکە بۆ یەکتر، هەردوولایان ئارەزوو دەکەن خۆیان سەرلەنوێ دروست بکەنەوە، تا تەمەنیان دوای جیهان درێژبێتەوە..."[٣].

کەواتە دەتوانرێ بووترێت هەر لە سەردەمی کۆنەوە بەتایبەتی لای گریکەکان خۆشەویستی دەبێتە دوو بەش "یەکەمیان: حەز یا خۆشەویستی لەش، کە وشەی –Eros– خوای خۆشەویستی، بۆ وەسف کردنی بەکاردێت. دووەمیان: خۆشەویستی عوزری (ئەگاپیە– Agape)یە، ئەم جۆرە خۆشەویستییە زۆرجاریش بە خۆشەویستی ئەفلاتونی دەناسرێ، چونکە ئەفلاتون هەوڵی داوە خۆشەویستی لەش (ئیرۆس) بخاتە ژێر تەئسیری فەلسەفە میسالییەکەی خۆیەوەو رەنگێکی رۆحی پێ بدا..."[٤].

لێرەدا سەرنجمان بۆ ئەوە دەچێت، کە چۆن فەلسەفەی ئەفلاتونی فەلسەفەیەکی میسالیانەیە، ئاواش ئەو خۆشەویستییەی ئەو بڕوای پێیەتی هەر بەو شێوەیە میسالیانەیەو پەیوەنداری کردووە بە خۆشەویستی خواوە، واتە خۆشەویستی حەقیقی هەربۆیە وتوویەتی: "لەبەرئەوەی تەنها خواوەند، بێ کەم‌وکورتییەو جوانی تەواو لەودا کۆبۆتەوەو هەموو مرۆڤێك پێویستی بەو خۆشەویستییەی ئەوە..."[٥].

هەر لە بواری خۆشەویستیدا شارەزایانی بواری ئەدەب، راو بۆچوونی تایبەتی خۆیان هەیە، لەوانە شاعیری ئیتاڵی –دانتی– دیارە زۆر بە قوڵی سەرنجی لە خۆشەویستی داوەو مەودایەکی زۆری لە ناخیدا تۆمار کردووە، هەربۆیە وتوویەتی: "خۆشەویستی هێزێکی لەبننەهاتووی گەردوونییە، بۆیە ئەو خۆشەویستییە خۆرو گشت ئەستێرەکانی تر دەبزوێنێ‌و دەسوڕێنێتەوە"[٦].

بەڵام ئەو جۆرە خۆشەویستییەی مەبەستمانە باسی لێوە بکەین خۆشەویستییەکی مەجازییە واتە مرۆڤ بۆ مرۆڤ‌و یا روونتر بڵێین خۆشەویستی نێوان نێرو مێیە، کە لە ژیانی مرۆڤدا رەنگدانەوەی هەبێت‌و "کلیلی هەموو شتە مەزنەکانی ژیانی مرۆڤ بێت"[٧] و عەشق‌و ئەویندارى بنەمای سەرەکی ئەو جۆرە خۆشەویستییە بێت، کە ببێتە تواندنەوە لە ناخی یەکتریدا، هەروەك د.نوال سەعداوی، دەڵێت: "خۆشەویستی بەرزترین کردارە، کە مرۆڤ ئەنجامی دەدات، چونکە لە رێگایەوە هەموو پێکهاتە جەستەیی‌و دەروونی‌و ژیرییەکانی، بەرزترین‌و قوڵترین ئەرك ئەنجام دەدات، خۆشەویستی کردارێکی هۆشیارانەی قوڵە، بەڵکو تاکە کردارێکە کە مرۆڤ دەتوانێ لە رێگایەوە بگات بە قوڵترین قوڵی کەسێتی..."[٨].

بەڵام نوسەرێکی وەکو عەلادین سەجادی لە ساڵانی شەستەکاندا لەبارەی ئەم جۆرە خۆشەویستییەوە واتە خۆشەویستی نێوان نێرو مێ‌و رەنگدانەوەی لە شیعرو ئەدەبیاتدا، بۆچوونی

تایبەتی خۆی هەبووەو وتوویەتی: "یەکێ لە گوزارەکانی بێ هێزیو کۆشش کردنە بۆ شۆخی کردن لەگەڵ ڕەسەنێکی ترا، واتە لەگەڵ ئافرەت دا، یا ئەم لەگەڵ پیاودا... وشەکانی ئەبێ نەرمو نازك بن، چونکە هۆنەرەکە هەست بە ناتەواویەك ئەکا لە خۆی دا، بەو وشانە ئەیەوێ ئەو ناتەواوی یە نەیەڵێ!.."[9].

لە ڕاستیدا ئەگەر ئەوینو دڵداری بۆ شۆخی کردنو کات بردنە سەر بێتو تەنها بۆ چێژ وەرگرتنێکی کاتی بێت، ئەوا گرنگی و پیرۆزی خۆی لەدەست دەداتو دەبێتە مەسەلەیەکی هەرزەییو ڕسوابوونو ئەو شیعرو ئەدەبیاتەشی بۆ ئەو مەسەلەیە تەرخان بکرێتو باس لە پیرۆزی عەشقو نرخی ئافرەت دەکات، دەتوانرێ بووترێت بازرگانییەکی زەقو درۆیەکی بێ ویژدانانەیە دەرحەق ئافرەت دەکرێتو نەك هەر بە نیوەی کۆمەڵی نازانن، بەڵکو بە کەم بایەخو بێ نرخ تێی دەڕوانن.

بەڵام دکتۆر عیزەدین مستەفا بە پێچەوانەی بۆچوونەکەی –سەجادی–یەوە، شیعری دڵداری بەرز نرخاندووە، بەتایبەتی لە ئەدەبیاتی گەلانی ڕۆژهەڵاتداو دەڵێت: "یەکێکە لە کۆڵەکەکانی ئەدەبیاتو شیعر، دەنگی شیعری دڵداری ڕۆژهەڵاتیش لەناو هارمۆنیای شیعری مرۆڤایەتیدا ئاوازێکی بڵندە، لەبەر ئەوە شاعیرو دیوان بێ سۆزی دڵداری ناگونجێن"[10].

کەواتە سۆزو ئەوینی ڕاستەقینە دەبێتە مایەی بەهێزبوونی بەرهەمی ئەدەبی شاعیرانو ئاوڕدانەوەیەکی مرۆڤانەیە لە واقعی کۆمەڵگاو ئەوەش ڕاستییەکە، کە دڵداری ڕاستەقینەو خۆشەویستی و ئەڤینی بەویژدانانەو ڕاستگۆیانە ڕەوتی خۆیان ون نەکردووەو لەناو کێشەکانی کۆمەڵگادا زۆر بە زەقیو ئاشکرا خۆی نواندووەو دەنوێنێت و هەندێ جار بە ئاکام گەیشتنو بەختەوەری بەدوادا هاتووە، جاری واش هەبووە لە ناهەمواریو بێئاکامیدا، ڕۆشناییە گەشو پیرۆزەکەی کوژاوەتەوە.

بە بۆچوونی –دکتۆرە شوکریە ڕەسوڵ–یش شیعری خۆشەویستی "ئەو شیعرەیە دەربڕین لە هەستو سۆز دەکات، کە پیاو بە ئافرەت دەبەستێتەوە، وێنەی خۆشەویستی پیاوی تیایەو وەسفی ڕوخساری ئافرەتو ڕەوشتو ئەو خۆشەویستییە لەنێوانیاندا ڕوودەدات، دەکات..."[11].

شاعیرێکی وەکو –حەسیب قەرەداخی– شیعری دڵداری بە غەزەلیات ناودەباتو بەلایەوە هەر هەڵڕشتنی ئاخو داخو حەسرەتەو لەهەمان کاتدا پیاهەڵدانە بە جوانییەکانی خۆشەویستەکەیداو دەڵێت: "دڵداری بریتییە لەو غەزەلانەی پڕیانە لە هەڵڕشتنی ئاخو داخو سەوداسەری بەدوای یاراو پیاهەڵدان بە جوانیو چاوی ڕەشو زوڵفی لوولو باڵای بەرزو ئەبرۆی کەمانیو برژانگی خەدەنگ چەشن دا"[12].

هەرچۆنێك بێت ئەم جۆرە شیعرانە لای شاعیرانی کورد هەر لە کۆنەوە لە بەرهەمەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە، زۆرجاریش خودی شاعیرەکان خۆیشیان لەو بوارەدا کەوتوونەتە داوی خۆشەویستییەوە، بەتایبەتی ئەو شاعیرانەی بەرهەمی بەپێزی دڵدارییان نووسیوە، هەروەك –کامەران–ی شاعیر دەڵێت: "بەلای منەوە ئەو شاعیرەی بڵێ دڵداریم نەکردووەو خاوەنی هۆنراوەی دڵداری تێرو پڕ بێ، ئەوا بێ پەردە دەڵێم ڕاست ناکات منیش منی شەیدای جوانی ئافرەتو خاکەکەم... بە ڕاستی لە کوڵی دڵمەوە شەیدا بووم، ئەگەرچی یەکەیەکە هۆنراوەکانم بەسەر کەسێکی دیاریکراودا هەڵنەدراون، بەڵام نیگارێکی حەقیقی کاری لە دڵم کردووە"[13]. لێرەدا کامەران ڕاستگۆیانە ئەو ئامانجەی پێکاوەو ڕاستیو واقعێکی تەواوی خستۆتە ڕوو، چونکە ئەگەر کەسێك بەتایبەتی شاعیر، کە مرۆڤێکی هەست ناسكو وردبینو زووتر هەست بە دیاردەکان دەکات، خۆی لە داوی خۆشەویستیدا نەبینێتەوە، ئەوا ناتوانێ ئا بەوشێوەیە ئەو وێنە قەشەنگو سەرنجڕاکێشانە لە تابلۆیەکی شیعری دڵداریدا بنەخشێنێ هەربۆیە زۆرجار شاعیر لەم جۆرە شیعرانەدا وا خۆی نیشان دەدات کە "کەسێکەو کاری یا پیشەی عەشقو ئەوینە"[14].

دیاره ئەمەش لە شاعیرێکەوە بۆ شاعیرێکی تر جیاوازی زۆری هەیە، بەڵام لای شاعیرانی رۆژهەڵات بەگشتیو لای شاعیرانی کورد بەتایبەتی، گرنگی دراوە بەم جۆرە شیعرانە، هەربۆیە دکتۆر عیزەدین، دەڵێت: "کارێکی ئاسان نییە وا بیربکەینەوە شیعر لە خۆشەویستی دابڕێنو وابزانین وێنەی ئافرەتی تێدا نییە، غەزەلی نەمری رۆژهەڵات گرنگی زۆری بە ئافرەتو خۆشەویستی داوە، بەجۆرێ لەو نموونە بەرزانەی ئەو باسی لێوە کردووە لە ئەدەبی جیهانیدا نابینرێ، شاعیرە کوردەکانیش لەسەر ڕێوشوێنی شاعیرە رۆژهەڵاتییەکانو بە کاریگەری ئەوان ستایشی جوانیو خۆشەویستییان کردووەو ئافرەتیش وەك رەمزی ئەو جوانیو ئەڤینو خۆشەویستییە دەرخراوە"(١٥).

بەشی دووەم

((ئافرەتو جیهانی شیعری –مەدهۆش–))

خۆشەویستیو ئەوینو دڵداری ئافرەت لە ئەدەبی گەلاندا پانتاییەکی فراوانی داگیر کردووە، بەتایبەتی لە شیعردا; شاعیرانی کوردیش بەشێکی زۆری هۆنراوەکانیان بۆ ئەم لایەنە تەرخان کردووەو بایەخێکی زۆریان پێداوە.

یەکێك لەو شاعیرانە "مەدهۆش"ی شاعیرە، کە ئافرەتو خۆشەویستی ئافرەت هەوێنی کۆمەڵێك لە شیعرەکانی ئەم شاعیرەنو هەر لەوێشەوە رۆچۆتە ناو ناخی ئافرەتەوەو بۆتە ئیلهامێکی بەهێزی شیعرەکانیو زۆرجار شاعیر وا هەست دەکات، کە خۆشەویستیو جوانی ئافرەت کانگای هەموو جوانییەکانی سروشتیشە، هەربۆیە وەك سەرەتاو پێش هەموو شتێك دەتوانین بڵێین باسکردنو نووسین لەم بابەتەدا، نووسینە سەبارەت بە بوونەوەرێکی وەکو ئافرەت لە جیهانی شیعری (مەدهۆش) و لە نەستی بیرکردنەوەی ئەم شاعیرەدا، کە دەتوانرێ بووترێت دوو جۆر وێنە یا سەرنج رەچاو دەکرێت، یەکێکیان ئەوەیە، کە ئافرەتێکە تەعبیر یا گوزارشت لە هەستە سایکۆلۆجیو ئارەزووە جوانەکانی خۆی دەکات; سەرنجەکەی تر ئەوەیە، کە ئافرەتێکە شاعیر لە رێگای زمانی شیعرەوە ستایشی دەکاتو باس لە جوانییەکانی دەکاتو شیعری بۆ دەنووسێ، واتە وەك بابەتێکی غەزەلیانە یا رۆمانسایینە، هەربۆیە لە باسکردنمان یا راڤەکردنمان بۆ وێنەی ئافرەت لە فەزای شیعری ئەم شاعیرەدا پێویستە زۆر بە وریاییەوە ئاگادار بین لەو دوو وێنە جیاوازەدا.

بۆ رۆچوونە ناو باسەکەوە، سەرەتا بەو وێنە یا سەرنجی یەکەم دەست پێدەکەین، ئەویش بە وروژاندنی چەند پرسیارێك، ئایا بۆچی شاعیر بە زمانی ئافرەتانەوە قسە دەکاتو شیعر دەنووسێت؟ ئایا هۆکاری ئەمە ئەوە نەبووە کە لەو سەردەمەدا کۆمەڵگا رێگربووە لەبەردەم ئافرەتدا بۆ دەربڕینی ناخی خۆی؟ یاخود ئافرەتان خۆیان لەم بوارەدا کەمتەرخەم بوون؟

بێگومان گرفتی ئافرەتان "گرفتێکی هەمەلایەنەو سەرتاپاگیرەو سەرجەم کایەو بوارە جیاجیاکانی گرتۆتەوە، ئەم گرفتە مێژووکردەو لە یەکەمین دابەشکردنی نێوان ئافرەتو پیاوەوە تا ئەمڕۆ درێژەی هەیە، یان دەتوانین بڵێین لەو دەمەوە، کە رەگەزی نێر کەوتە داڕشتنو داتاشینی شووناسێك بۆ رەگەزی مێ کێشەکە دەستی پێکرد"(١٦). بۆیە دەتوانرێت بووترێت لەم باسەدا وێنەی کۆمەڵگایەك نیشان دەدرێت کە جۆرێك لە ئامادەنەبوونی دەنگی بەشێکی گەورەی کۆمەڵگای تیا بەدی نەدەکرا، کە ئەویش دەنگی ئافرەتانە، کە لە دەقە شیعرییەکانی –مەدهۆش–دا دەنگو رەنگو واتایەکیان بۆ دەدۆزرێتەوەو دەروازەیەکیان بۆ واڵا دەکرێت.

پێویستە لێرەدا ئاماژە بەو خاڵە بکەین، کە رەنگە ئەوە ئەدەبیاتو ئیستاتیکای شیعرەکانی ئەم شاعیرە نەبێت، کە رامانده‌کێشێت بۆ قسەکردن لەسەر ئەم بابەتە، بەڵکو ئەو ئاستانەن کە لە شیعرەکانیدا وەك خاڵی قسەکردنو دوان وەریاندەگرین بۆ باسکردنی شێوەو سیمای کۆمەڵگای کوردەواری، کە ئەمەش بە تەنها "پەیوەست نییە بە خودی ئافرەتانەوە، بەڵکو کێشەیەکی هەرە گرنگی رابوردوو و ئێستای کۆمەڵەو لە ئەنجامدا ئەم مەسەلەیە کێشەی کلتوورێکە"(١٧). هەر لێرەوە دەتوانین بڵێین یەکێك لەو ئاگاییە تاڵانەی کە گوتاری شیعری –مەدهۆش– سەرنجمانی بۆ رادەکێشێت یان بەسەرماندا دەیسەپێنێت بریتییە لە بینینو بیستنی ئەو گوتارەی کە دەنگی ئافرەتێکە باس لە ناخو ناوەوەی خۆی دەکاتو وەك مرۆڤێك گوزارشت لەو ئاواتو ئومێدانەی کە هەیەتی دەکات.

هەروەك دەڵێت:

ئەوا گەورەبووم شێوەم گۆڕاوە
روخسارم نەشئەی سەرنجی چاوە
روانینەکانم جۆرێکی جیایە
هەستی قووڵایی دەروونی تیایە
تۆزێکی سنگم ئەگەر دەرکەوێ
ئاخۆ چەند گوللەی ئاخی بەرکەوێ...

تاکو دەڵێت:

ئەوسا کە زانیم تەواو قاڵ بووە
دڵیشم بەسەر دڵیا زاڵ بووە
ئەمجا ئەیخەمە کۆشی نازەوە
دڵی ئەبەستم بە دڵخوازەوە
هەموو ژیانی بۆ ئەکەم بە باخ
لەگەڵما بژی هەرگیز نەڵێ: ئاخ (١٨)

نابێ ئەوەش لەیاد بکەین، کە لە راستیدا ئەو دەنگە دەنگی راستەقینەی خودی ئافرەت نییە، بەڵکو ئەوە پیاوە بەناوی ئافرەتەوە لە رێگای زمانەوەو لە فەزای شیعردا قسە دەکات، ئەمەش ئەو راستییەمان بۆ دەردەخات، کە لەو سەردەمەدا یا کاتەدا چەند ئەستەم بووە کە ئافرەت لە کۆمەڵگای باوکسالاریدا بتوانێت بە ئازادی بەناوی خۆیەوەو بەهۆی ئامادەیی فیزیکیو جەستەیی خۆیەوە لەبەردەم رەگەزەکەی تردا خۆی بناسێنێو گوزارشت لە دەروونو خەسڵەتە تایبەتییەکانی جیهانی خۆی بکات، چونکە ئەوە راستییەکە کە "حەقیقەتی عاشق تەنیا ئەو کاتە ئەبێتە حەقیقەت کە ئەو خۆی بۆ ئەویتر، واتە بۆ مەعشووق ئاشکرا بکات"(١٩)، سەرەتاییترین هۆکاریش بۆ ئەم نائامادەییە دەتوانرێت بگەڕێتەوە بۆ ئەو ئامۆژگاریو سەرنجڕاکێشانەی کە کۆمەڵگا ئەیدات بەم رەگەزە بەتایبەتی کە لە یەکەم بەئاگاییدا پێی دەڵێت تۆ ئافرەتی، ئەمەش خۆی لە خۆیدا ئاگادارکردنەوەیەتی لەوەی کە تۆ لە رەگەزەکەی تر جیایتو خەسڵەتی جیاوازت لەلایەنی فیسۆلۆجیو کۆمەڵایەتیدا هەیە ئەمە خۆی لە خۆیدا کارەساتێکی ترسناکەو یەخەی ئەو بەشەی کە نیوەی کۆمەڵە دەگرێتەوە، هەربۆیە پێویستە لەسەر رووناکبیرانو شاعیران هەوڵبدەن ووتارو بەرهەمی هیومانستیانەی وا بهێننە بەرهەم کە کۆمەڵگای کوردی بەرەو عەقڵانی ببەن،

واتە هەوڵبدرێت بۆ "کارکردن بۆ باڵادەستی عەقڵ تا ئەو ئاستەی کە هیچ دەسەڵاتێك هێندەی دەسەڵاتی عەقڵ بەهێزو پایەدارو باڵادەست نەبێت"[٢٠] ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەڵسوکەوت لەگەڵ ئافرەتدا هەڵسوکەوتێکی مرۆڤدۆستانە بێتو بخرێتە سەر سکەی راستەقینەی زانستیانەی ژیانو هەموو ئەو مافو خەسڵەتانەی کە دەدرێتە رەگەزی نێر هەر بەو شێوەیەش بۆ رەگەزی مێینە بەرجەستە بکرێتو لە جیهانە تایبەتییەکەی خۆی، وەك ئافرەت دانەبڕێتو بە سەربەستییەوە پەیامداری پێوە بکات. بەڵام جێی داخە کە ئەو سەردەمانە ئافرەت لە جیهانە تایبەتییەکەی خۆی، وەك ئافرەتێك دابڕاوەو جیاکراوەتەوە، ئەوەش خەتەرناکترین ترسێکە کە لە گوتاری شیعرو دنیا دەربڕینەکەی -جیهانی شیعری مەدهۆش-دا دەبینرێتو هەستی پێدەکرێتو دەشێ بووترێت یەکەمین تێگەیشتنێکیش کە ئێمە درکی پێدەکەین ئەو تێگەیشتنەیە کە لە کۆمەڵگای ئەو کاتەی شاعیر دەقە شیعرییەکانی تێدا نووسیوە، کە پێمان دەڵێت کۆمەڵگای ئێمە وەك کۆمەڵگایەکی پەراوێز لە کۆمەڵگای باوکسالاریی رۆژهەڵاتی، بەشێکی گەورە کە نیوەی کۆمەڵگایە لە دەنگی مرۆڤایەتی خۆی دۆڕاندووە، کە ئەویش دەنگی رەگەزی مێیە; کە هەمیشەو زۆرکات بە بەردەوامی دەنگو رەنگی کەپتو پەراوێز خراوە، کە ئەویش لە ئەنجامی توندوتیژی کۆمەڵگاوە بەرامبەریان کراوە، چونکە بەردەوام کۆنترۆڵی هەموو دەنگەکانی ئافرەتی کردووەو نەیهێشتووەو رێگەی پێنەدراوە بە ئازادانە گوزارشت لە خەونو ئاواتەکانی خۆی بکات وەك ئافرەتێك.

کەواتە دەتوانرێت بووترێت ئێمە کلتورێکمان هەبووە سەرتاپا پڕبووە لە توندوتیژیو بەتایبەتیش بەرامبەر ئافرەت چڕتر پەیڕەوکراوە، بۆ زیاتر ئاشنابوون بەو دۆخە، گەر سەرنجی ژیانی رابوردووی ئافرەت بدەین ئەوا بۆمان دەردەکەوێت رەوشی ژیانیان لەوپەڕی ناخۆشیو دژواریدا بووەو کۆتوپێوەند کراونو بە دڵی خۆیان نەژیاوونو هەمیشە سەرکەوت کراونو دەنگو ناڕەزاییان بەهەند وەرنەگیراوە; سەیریش نییە گەر بووترێت یەکێك لە هەرە سادەترین ماف کە ئافرەت لێی بێبەشکراوەو هەتا ئێستاش لە هەندێ ناوچەدا ئەم دۆخە بەردەوامە ئەویش "مافی تەنیایی بوونە"[٢١]، کە جاران ئافرەت بۆی نەبووە تەنیا بێت، یاخود بڵێین لەماڵێکدا بەتەنیا بژی، یا بەتەنیا پیاسەی سەرشەقامەکان بکات، یا بەتەنیا سەفەر بکات، یاخود لە جێگەیەکی گشتیدا دابنیشێت...هتد، کە دەبوایە لە هەموو ئەو کاتانەدا هاوەڵێکیان لەگەڵدا بوایە. واتە لێیان نەگەڕاون بۆ ساتێکیش خۆشی لە تەنیایی وەربگرن، هەرچەندە ئەمانە راستەوخۆ توندوتیژی جەستەیی تیادا بەدی ناکرێت، بەڵام گومانی تێدا نییە کە توندوتیژی حاڵەتی دەروونییان تێدا بووەو ئەمیش یەکێکی تر لەو کۆتوبەندانە بووە، کە ئافرەت پێوەی ناڵیوە. ئەمە جگە لەوەی ئافرەتان ئەوەشیان لێ قەدەغە کرابوو کە لە گۆڤارو رۆژنامەکاندا بە ئاشکراو بەناوی خۆیانەوە بەرهەم بڵاوبکەنەوە، هەروەك لە شیعری -بۆ جوانێکی کڵۆڵ-ی -مەدهۆش-دا کە لە ساڵی ١٩٦١ز دا دیناوە کە بۆ کچێکی نووسیوە کە لەو رۆژگارەدا واتە لە ساڵانی شەستەکاندا بەرهەمی لە گۆڤاری -رۆژی نوێ-دا بڵاوکردۆتەوە، بەڵام بە ناوێکی خوازراوەوە کە ئەویش -داخ لە دڵ- بووە، دیارە ئەوەش هەر دەگەڕێتەوە بۆ لایەنە کۆمەڵایەتیەکە، وەکو پێشتر باسمان لێوەکرد کە نەیانتوانیوە ناخی خۆیان هەڵبژێرن.

لێرەدا نموونەیەك لە شیعرەکەی -مەدهۆش- دەنووسین، کە دەڵێت:

ئەی تاقە شۆخی بێ کەس و لانە
بەر چەپۆك کەوتووی دەستی زەمانە
تەنیا پەپوولەی هیلاکی باڕەش

زەرد هەڵگەڕاوی رووخۆشی چاوگەش
روومەت بە تۆزی مەینەت تەماوی
دڵ برینداری چاو فرمێسکاوی
شێوەی ژیانت وەکو ئاوێنە
لە رووتا دیارە بووە بە وێنە...(٢٢)

دیارە ئەو چارە ڕەشیو نەگبەتییەی ژیانی ئافرەتی کردۆتە دۆزەخ، زۆر کاری کردۆتە سەر ناخی شاعیرو هەربۆیە وەک پشتوپەنایەک بۆ ئافرەتان بە هانایانەوە دەچێتو هەوڵدەدات هاوکارییان بکات بۆ گەیشتن بە کامەرانیو ئاسوودەییو دەڵێت:

ئەم بەینە ببین بە هاوڕێی گیانی
هاندەری یەک بین بۆ کامەرانی
هەتا ئامانجی دڵ دەسگیر ئەبێ
هیچ نەبێ دڵمان لای یەک ژیر ئەبێ...(٢٣)

گومان لەوەدا نییە ئەو هەموو ستەمو زوڵمو چەوساندنەوەیەی دەرحەق ئافرەتان کراوە، لەلایەن نیوەکەی تری کۆمەڵەوە واتە پیاوانەوە کراوەو کە خۆی کردۆتە دەمڕاستی ژنان بەتایبەتی هەر لەو کاتەوەی کە رەگەزی نێر کەوتە داتاشین و داڕشتنی شووناس بۆ رەگەزی مێ، کە ئەمەش کێشەیەکی گەورەو کاریگەر بووە لە رابوردوو و ئێستای کۆمەڵگادا، کە پێشتر ئاماژەمان بۆکرد ئەمە کێشەی کلتورێکە.

لێرەوە پێویست دەکات کە کلتوری خۆمان بخەینە ژێر لێکۆڵینەوەو راڤەکردنەوەو شۆڕبینەوەو بچینە ناخی هەموو بوارەکانییەوە هەرچەندە "رەنگە کارێکی ئەستەم بێت بۆ بتوانی کلتورێک بخەیتە ژێر جەبری لێکۆڵینەوەو راڤەکردنەوە بەبێ خوێندنەوەو ساغکردنەوەی ئەو گوتارانەی کە ئەو کلتورە لە قۆناغە جیاجیاکانی مێژوودا بەرهەمی هێناوە، واتە پێویستە تۆ بگەڕێیت بەدوای ئەو توخمو رەگەزانەی کە دەوریان هەبووە لە بەرهەمهێنانی گوتارێک لە ماوەیەکی زەمەنی دیاریکراودا"(٢٤).

-مەدهۆش-ی شاعیر لەڕێی شیعرەکانییەوە هەوڵی داوە جۆرە بەرهەمێک بهێنێتە کایەوە کە هەڵگری خەسڵەتو جیهانە تایبەتییەکەی ئافرەتان بێتو لەهەمان کاتدا هەڵگری هەموو ئەو خەونو خەیاڵو خواستانە بێت کە ئافرەتان هەیانە; هەروەها شاعیر گرنگییەکی زۆری داوە بە سۆزو خۆشەویستی ئافرەتو باسی لێوە کردووەو هەردەم لە ناخو بیری شاعیردا رەنگی داوەتەوە، چ وەک هێمایەک لە جیهانی نموونەییو ئەندێشەداو چ وەک ئەوەی هەستی بە بوونی کردبێو خۆی هەبووبێ، هەربۆیە زۆربەی شیعرەکانی لە بابەتی دڵدارییەوە وتووەو یەکێکە لەو شاعیرانەی بە شاعیری عەشقو ئەوین ناودەبرێت یا دادەنرێت، هەروەک محەممەدی مەلا کەریم دەڵێت: "بێ ئەوەی کەسێک یارای ئەوەی ببێ خۆی لەم مەیدانەدا لەو بە پێش دەست ترو سەر بە دەرەوە بوو تر بزانێ، توانیویە ناوی شایان پڕ بە پێستی (شاعیری دڵداری) بۆ خۆی دابڕێو تاجی رەزامەندیی سەرانسەری دڵداران، بە کوڕو کچیانەوە، لەسەری خۆی بنێ"(٢٥).

دیارە ئەمەش لە شاعیرێکەوە بۆ شاعیرێکی تر جیاوازە، هەرچەندە زۆربەی شاعیران تێڕوانینیان بۆ مەسەلەی ئافرەت تێڕوانینێکی زانستیانەو واقعیانە نییە، بەڵکو وەک مەسەلەیەکی سۆزو بەزەیی سەیر دەکرێنو پشتیوانی و بەرگرییان لێ دەکەن، کە ئەمەش گوزارشت لە حەقیقەتی جیهانی ئافرەت ناکات.

ئەو بابەتەشی کە لە زۆربەی شیعرەکانی –مەدهۆش–دا هەستی پێدەکرێتو بە ئاشکرا دەبینرێت، ئەویش ڕەنگڕێژکردنی ڕۆمانسیەتە، کە تیایدا خۆشەویستی دەبێتە فراوانترین پانتایی دەربڕینو بابەتی گوزارشت کردن لە دڵداریو خۆشەویستی، ناوەڕۆکی بەشێکی زۆری شیعرەکانی –مەدهۆش–و مەودایەکی فراوانی لە جیهانی شیعرەکانیدا داگیرکردووەو لە دەروونی شاعیردا بڵێسەی عەشقو ئەوینداری کڵپەی سەندووەو گەشاوەتر دەبێت، هەروەك لە شیعری –پەرێشانی–دا دەردەکەوێتو دەڵێت:

"وەرە ئەی چاوەکەم، ئەی گیانەکەم، یار
وەرە ئەی خۆشەویستی جەرگی دڵدار
لەگەڵما تاقە تۆزێ دڵ نەرم بە
کەمێ رووخۆش و گەش بەو بێ شەرم بە
دڵ و چاوت ئەزانم دەستەمۆمن
بەتەنیا هەر زمانت سرکە بۆ من
پەشێواوم پەرێشانم بە جارێ
لە چاوم خوێن، لە دڵ ئاگر ئەبارێ"...[٢٦]

شاعیر ژیانی خۆی دەبەستێت بە شۆخو شەنگێکەوەو لە ناخی ئەو خۆشەویستییەدا دەتوێتەوەو رووناکیو خۆشی بەبێ بوونی ئەو لە تەمەنی خۆیدا نابینێو لەهەمان کاتدا دڵەخورپەو ڕاڕایی دەخاتە ڕوو، چونکە "بێ ئەنجامیو پێنەگەیشتوویيو سەلبیەتی خۆشەویستیو دڵداری وڵاتی کوردەواری پێوە دیارە"[٢٧].

ئەمە جگە لەوەی شاعیر سنوری خۆشەویستی بێ ئەندازە دادەنێتو تەمەن ناکاتە ڕێگر لەبەردەم خۆشەویستیو ئەویندا‌و ئەو هەستە ئەوەندە پیرۆزە لای، کە لە ناخیدا بە پلەیەکی باڵاو سۆفی ئاسا خولیای بووەو ڕۆشنایی ژیانو ئاسوودەییو بەختەوەری تێدا دەبینێتەوەو شاعیر لە عەشقو ئەویندا قاڵتر دەبێتو خۆشەویستەکەی دەبێتە خولیایو هەردەم مەودای زۆرێك لە دەربڕینە شیعرییەکانی بۆ تەرخان کردووەو تا ئەوپەڕی جوانیو ئیستاتیکای لە شیعردا پێ بەخشیوەو لە ڕێگەی زمانەوە سۆزو عەشقی خۆی بۆ ئاشکرا کردووەو لە هەمان کاتدا شاعیر ئاسوودە دەردەکەوێت، چونکە دڵبەرەکەی لای لێکردۆتەوەو زەردەخەنەو پێکەنینی بەڕودا دەدات، هەروەك لە شیعری –یاری من–دا دەردەکەوێتو دەڵێت:

دڵم بۆ خۆش نەبێ ئەو دڵفڕێنە
کە ڕوخساری بە وێنەی بەفرو خوێنە
ئەوەی لاوان بە ڕیز بۆی ڕائەوەستن
بەبێ شەرمی چەقی ڕێی لێ ئەبەستن
ئەوەی گوێی پڕ لە دەنگی ئۆفو ئاخە
لەدەست ئەو ڕێ گرانەی دڵ بە داخە
کەچی هەر ئەو فریشتەی سەرزەمینە
بەرامبەر من دەمی پڕ پێکەنینە...[٢٨]

شاعیر لە هەندێ لە شیعرەکانیشیدا شێوە گلەییو گازندەیەکیش ئاراستەی ئافرەتان دەکات، بەوەی ئەگەر زۆربەشیان نەبێت ئەوا هەندێکیان خشڵو زێڕو زیو بەلایانەوە گرنگی زۆری هەیەو لەوانەیە

ئەوانەی لەلا جوانتر بێت لەوەی، کە خودا ئەو هەموو جوانییەی پێ بەخشیوەو هەربۆیە شاعیر لە شیعری –نازانێ–دا دەڵێت:

حەز ئەکا سنگ و بەرۆکی جوان بێ
بە گەردانەیەك بڕازێتەوە
داخەکەم نرخی جوانی نازانێ
بە ئاڵتوون گەوهەر ئەشارێتەوە [٢٩]

شاعیر داخ‌و حەسرەتی زیاد دەکات و دەگاتە ئەوەی بە توندی تانەو تەشەر لەو ئافرەتانە بدات، کە لە پێناوی سەروەت‌و ساماندا خۆشەویستییەکەیان ئەدۆڕێنن‌و دڵدارەکانیان بۆ غەم‌و پەژارە بەجێدێڵن، هەروەك لە شیعری –توانج–دا دەڵێت:

گیانە، من هەرچەند ئازارم کرۆشت
خۆمم نەفرۆشت بەوەی خۆی فرۆشت
بۆیە تائێستەش هەر دڵم شادە
کە خۆشەویستی پاکم لە یادە
بەڵام تۆ دڵت شەقی بردووە
خۆ بەوە نابێ کە شووت کردووە
گەر تۆ لووت بەرزی، من سەرم بەرزە
ئێمە هەردووکمان پێمان لە عەرزە
ئەو رۆژەی سەرمان شۆڕ ئەبێتەوە
ناوی بەرز بۆ کێ ئەمێنێتەوە.. [٣٠]

ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا بەتایبەتی لە بەشی دووەمدا باسکرا، رێگوزەرێك بوو بە جیهانە شیعرییەکەی –مەدهۆش–داو بەو هیوایەی توانرابێت خزمەت‌و سوودێکی بۆ توێژەرانی بواری ئەدەبی کوردی هەبێت.

## ئەنجام

هەر توێژینەوەو باسێك، کە ئەنجام دەدرێت، کۆمەڵێك بیرو بۆچوون و ئەنجام دەدات بەدەستەوە، هەربۆیە لەم توێژینەوەیەشدا بە چەند خاڵێك روونی دەکەینەوە یا دەیخەینە روو:

١- خۆشەویستی بنەمایەکی پتەوی کۆمەڵایەتییەو ناکرێ کۆمەڵگا لێی دوورەپەرێز بێت.
٢- شیعرەکانی مەدهۆش بە زمانێکی سادەو پاراوی کوردی نووسراون‌و گرنگی بە کلتوری کوردی دراوە.
٣- مەدهۆش وەکو زۆربەی شاعیرانی کورد لاسایی شاعیرانی پێش خۆی، لە بەرهەمەکانیدا بەدی دەکرێت.
٤- دەتوانرێت بووترێت مەدهۆش لە شیعرەکانیدا وێنەی دوو جۆر ئافرەتی کێشاوە، وێنەیەکیان گوزارشت لە ناخ‌و خەونەکان‌و داخوازی ئافرەتان دەکات. وێنەی دووەمیان ئەو ئافرەتەیە، کە شاعیر شیعری بۆ دەنووسێت‌و باس لە جوانییەکانی دەکات‌و تاڕادەیەکی زۆر عەشق‌و شەیدایی تێدا دیارە.
٥- لە هەندێ لە شیعرەکانیدا، شاعیر وەك نوێنەر یاخود روونتر بڵێین شاعیر بەناوی ئافرەتانەوە قسە دەکات.

پەراوێزەکان


١. د. زكريا ابراهيم، مشكلة الحب، طبعة الثانية، دار المصر للطباعة، القاهرة، ١٩٧٠، ص١٥.
٢. صەباح غالب، ئافرەت لە چیرۆکی کوردیدا، چاپخانەی دار الحرية، بەغدا، ١٩٧٩، لا١٨٥. هەروەها بڕوانە: مجلة آفاق العربية، العدد (٩)، لسنة ١٩٧٦، ص٤٧.
٣. سەعید محەمەد نوری، خۆشەویستی لە رووی پێکهاتەوە، گ/ رامان، ژ (٨١)، ٢٠٠٣، لا١٨٩.
٤. کەمال مەمەند، ئافرەتو جوانی لە شیعری گۆراندا، گ/ نووسەری کورد، ژ (١)، چاپخانەی شەفیق، بەغدا، ئایاری ١٩٧٩، لا١٠.
٥. د. زكريا ابراهيم، مشكلة الحب، ط٢، ص١٤.
٦. سەرچاوەی پێشوو، لا١٥.
٧. سەرچاوەی پێشوو، لا١٤.
٨. سەعید محەمەد نوری، خۆشەویستی لە رووی پێکهاتەوە، گ/ رامان، ژ (٨١)، ٢٠٠٣، لا١٨٩.
٩. علاءالدين سجادی، ئەدەبی کوردیو لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی، چاپخانەی مەعارف، بەغدا، ١٩٦٧، لا١٥٥.
١٠. دکتۆر عیزەدین مستەفا رەسووڵ، دیوانی شێخ رەزای تاڵەبانی، چاپخانەی عەلاء، بەغدا، ١٩٧٩، لا٥٢.
١١. د. شوکریە رەسوڵ، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، چاپخانەی خوێندنی باڵا، هەولێر، ١٩٨٩، لا٤٠.
١٢. حسیب قەرەداخی، سالم لە رێبازی کلاسیزم دا، گ/ بەیان، ژ (٧٣)، بەغدا، ١٩٨١، لا١٥.
١٣. کامەران موکری، من و هۆنراوە، گ/ رامان، ژ (١٢)، هەولێر، ١٩٩٧/٦/٥، لا٤١.
١٤. حسن عميد، فرهنگی عميد، جلد أول، چاپخانه سپهر، تهران، ١٣٦٥ هەتاوی، ص١٧١٦.
١٥. د. عزالدين مصطفى رسول، الواقعية في الادب الكردي، بيروت، ١٩٦٦.
١٦. شوان محمد محمود، ئافرەت لەنێوان گوتارە جیاوازەکانو بواردراری دەسەڵاتدا، گ/ ئاییندە، ژ (١٠)، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، ئایاری ٢٠٠٠، سلێمانی، لا٤٩.
١٧. سەرچاوەی پێشوو.
١٨. حەمەعەلی مەدهۆش، یانەی دڵان، ئامادەکردنو پێشەکی محمدی مەلا کەریم، دەزگای رۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی، چاپخانەی علاء، بەغدا، ١٩٨٢، لا١٤٦-١٤٨. هەروەها بڕوانە: مەدهۆش، دڵی کچان، چاپخانەی علاء، بەغدا، ١٩٦٧.
١٩. رێبوار سیوەیلی، دنیای شتە بچووکەکان، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، چاپخانەی ئۆفسێتی تیشك، سلێمانی، ١٩٩٩، لا٥٣.
٢٠. شوان محمد محمود، ئافرەت لەنێوان گوتارە جیاوازەکانو بواردراری دەسەڵاتدا، گ/ ئاییندە، ژ (١٠)، ٢٠٠٠، لا ٥٠. هەروەها بڕوانە: جورج طرابيشي، من مذبحة التراث في الثقافة العربية المعاصرة، ١٩٩٣.
٢١. رێبین هەردی، ئافرەت –توندوتیژی– دەسەڵات، گ/ هزر، ژ (٦)، ساڵی ٢٠٠٠، لا٢٥.

٢٢. مەدهۆش، شیرین، چاپخانەی ژین، سلێمانی، ١٩٦٢، لا٥١.
٢٣. سەرچاوەی پێشوو، لا٥٢.
٢٤. شوان محمد محمود، ئافرەت...، گ/ ئاینده، ژ (١٠)، لا٤٥.
٢٥. حەمەعەلی مەدهۆش، یانەی دڵان، پێشەکی، لا٣.
٢٦. مەدهۆش، شیرین، لا٤٠.
٢٧. د. ئیحسان فوئاد، سەوداو سنور، چاپی یەکەم، چاپخانەی روون، سلێمانی، ٢٠٠٠، لا٧٥.
٢٨. حەمەعەلی مەدهۆش، یانەی دڵان، لا١١٦.
٢٩. سەرچاوەی پێشوو، لا١٢١.
٣٠. سەرچاوەی پێشوو، لا٣٠٦-٣٠٧.

## سەرچاوەکان


١- کتێب:

أ- سەرچاوە کوردییەکان:

١. ئیحسان فوئاد (د.)، سەوداو سنور، چاپی یەکەم، چاپخانەی روون، سلێمانی، ٢٠٠٠ز.
٢. حەمەعەلی مەدهۆش، یانەی دڵان، ئامادەکردن و پێشەکی: محمد مەلا کەریم، دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، چاپخانەی علاء، بەغدا، ١٩٨٢.
٣. رێبوار سیوەیلی، دنیای شتە بچووکەکان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپخانەی ئۆفسێتی تیشك، سلێمانی، ١٩٩٩.
٤. شوکریە رەسوڵ (د.)، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، چاپخانەی خوێندنی باڵا، هەولێر، ١٩٨٩.
٥. صەباح غالب، ئافرەت لە چیرۆکی کوردیدا، چاپخانەی دار الحرية، بەغدا، ١٩٧٩.
٦. علاءالدین سجادی، ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی، چاپخانەی مەعارف، بەغدا، ١٩٦٧.
٧. عیزەدین مستەفا رەسووڵ (د.)، دیوانی شێخ رەزای تاڵەبانی، چاپخانەی عەلاء، بەغدا، ١٩٧٩.
٨. مەدهۆش، شیرین، چاپخانەی ژین، سلێمانی، ١٩٦٢.
٩. مەدهۆش، دڵی کچان، چاپخانەی علاء، بەغدا، ١٩٦٧.
١٠. مەدهۆش، دڵی کوڕان، چاپخانەی راپەڕین، سلێمانی، ١٩٧٢.

ب- سەرچاوە عەرەبییەکان:

١١. جورج طرابيشي، من مذبحة التراث في الثقافة العربية المعاصرة، ١٩٩٣.
١٢. زكريا ابراهيم (د.)، مشكلة الحب، طبعة الثانية، دار المصر للطباعة، القاهرة، ١٩٧٠.
١٣. عزالدين مصطفى رسول (د.)، الواقعية في الادب الكردي، منشورات المكتبة العصرية، بيروت، ١٩٦٦.

ج- سەرچاوەی فارسی:
١٤. حسن عميد، فرهنگی عميد، جلد أول، چاپخانه سپهر، تهران، ١٣٦٥ هەتاوی.
٢- گۆڤارەکان:
أ- کوردییەکان:
١٥. حسيب قەرەداخی، سالم لە رێبازی کلاسيزم دا، گ/ بەيان، ژ (٧٣)، بەغدا، ١٩٨١.
١٦. رێبين هەردی، ئافرەت -توندوتيژی- دەسەڵات، گ/ هزر، ژ (٦)، ساڵی ٢٠٠٠.
١٧. سەعيد محەمەد نوری، خۆشەويستی لە رووی پێکهاتەوە، گ/ رامان، ژ (٨١)، هەولێر، ئاداری ٢٠٠٣.
١٨. شوان محمد محمود، ئافرەت لەنێوان گوتارە جياوازەکانو بواردارى دەسەڵاتدا، گ/ ئايندە، ژ (١٠)، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، ئاياری ٢٠٠٠.
١٩. کامەران موکری، من و هۆنراوە، گ/ رامان، ژ (١٢)، هەولێر، ١٩٩٧/٦/٥.
٢٠. کەمال مەمەند، ئافرەتو جوانی لە شيعری گۆراندا، گ/ نووسەری کورد، ژ (١)، چاپخانەی شەفيق، بەغدا، ئاياری ١٩٧٩.
ب- عەرەبييەکان:
٢١. نوری الحمودي (د.)، علاقة الحب، مجلة (آفاق العربية)، العدد (٩)، بغداد، ١٩٧٦.

## ملخص البحث

تتحدث هذه الدراسة عن جانب اجتماعي في المجتمع ألا وهو الحب، والذي يتجلى في قصائد الشاعر -مدهوش-، كما ويتحدث عن نظرة المجتمع تجاه المرأة وانعكاساتها في نتاجات الشاعر.

تتجسد الدراسة في المحورين وهام: الأول يخص مفهوم الحب لدى بعض مختصي الأدب من الاجانب ومن المحليين. أما المحور الثاني يتحدث عن المرأة وعالم الشعر لدى الشاعر -مدهوش-.

وأخيراً قدم الحواشي وقائمة بأهم المصادر التي أفادت البحث.

## Abstract

The present study addresses love, as a social phenomenon, and its reflection in the poetic works of Madhosh. It also accounts for the way society views women and how this is reflected in the poet’s works.

In general, the study is divided into tow parts,. The first part explains the concept of love and the opinion of both Kurdish and foreign writers on it. In the second part, however, women and the poetic world of Madhosh are addressed.